وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
فەرمانگەی نێردراوان و پەیوەندیە ڕۆشنبیریەکان
زەمالاتی خوێندن (ماستەر) لە  وولاتی بەریتانیا
(**Chevening Scholarships 2027–2028**)

مامۆستا و فەرمانبەران  و هاولاتیانی هەرێمی کوردستان ئاگادار دەکەین کە زەمالەی **Chevening بۆ ساڵی خوێندنی 2027–2028** کراوەتەوە. ئەم بەرنامەیە لەلایەن **حکومەتی شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)**، لە ڕێگەی وەزارەتی کاروباری دەرەوە، هاوبەشێتی و پەرەپێدانی نێودەوڵەتی**(FCDO)** ، پشتیوانی دارایی دەکرێت.

زەمالەی **Chevening** یەکێکە لە ناودارترین بەرنامە نێودەوڵەتییەکانی زەمالەی خوێندن کە بە شێوەی تەواو خەرجی خوێندن دابین دەکات بۆ خوێندنی **ماستەر بۆ ماوەی یەک ساڵ** لە زانکۆ پێشەنگەکانی شانشینی یەکگرتوو. جگە لە خوێندن، ئەم بەرنامەیە دەرفەتێکی بەنرخ بۆ گەشەپێدانی تواناکانی سەرکردایەتی، فراوانکردنی تۆڕی پەیوەندییە پیشەییەکان و بوون بە ئەندامی تۆڕی جیهانی دەرچووانی **Chevening** دابین دەکات.

بۆ زیاتر زانیاری و پێشکەش کردن، تکایە سەردانی ئەم لینکەی خوارەوە بکەن:

/https://www.chevening.org/scholarship/iraq

مەرجەکانی وەزارەت بۆ خوێندنی ماستەر بریتیە لە:

- پێشکەشکار دەبێت هاولاتی هەرێمی کوردستان بێت.
- پێشکەشکار ئەگەر فەرمانبەر یا مامۆستا بێت لە دام و دەزگاکانی هەرێمی کوردستان، ئەوا دەبێت بە لایەنی کەم دوو ساڵ خزمەتی هەبێت لە پاش بە دەست هێنانی دوایین بڕوانامە.
- پێشکەشکار دەبێت کۆنمرەی بەکالۆریۆسی لە ٦٥ کەمتر نەبێت
- ئاستی توانستی زمانی داواکراو لە بەرنامەیەک بۆ بەرنامەیەک جیاوازە، بۆ بەر لە پێشکەشکردن، تکایە تەواوی ووردەکاریەکانی ئەم بەرنامەیە بخوێننەوە کە داواکاری بۆ پێشکەش دەکەن.
- داواکار دەبێت لە هەمان بواری خۆی داواکاری بۆ بەرنامەی ماستەر پێشکەش بکات. (واتا بەکالۆریۆس و ماستەرەکەی لە هەمان بوار بێت.)
- کاندیدی سەرکەوتوو ئەگەر دامەزراو بێت، ئەوا لە لایەن وەزارەتی پەیوەندی دار تەنها مۆڵەتی خوێندنی پێدەدرێت واتا بە مووچەی بنەڕەتی و دەرماڵەی جێگیرەکان.
- کاندیدی سەرکەوتوو لە لایەن بەرنامەکە پشتگیری دارایی دەکرێت وە بۆ ووردەکاری زیاتر تکایە سەردانی ماڵپەری زەماڵەکە بکەن.

پێشکەشکردن ڕاستەوخۆ، وە تەنها لە ڕێگەی ماڵپەری سەرەکی زەماڵەکە (**Chevening**) دەبێت.

وە دوا کات بۆ پێشکەشکردن بریتیە لە ٦/ ١٠/ ٢٠٢٦